# ڕێنمایی ژمارە / ۲ ساڵی ۲۰۰۰

دامەزرانـــدی پـــرۆژەی بـــە خێـــوکردن و قەڵـــەو کردنـــی ئاژەڵـــە کاوێـــژکارەکان و دانی مۆڵەت .

**مادەی یەکەم :**

ئەم وشانەی خوارەوە ئەو واتانەی بەرامبەریان دەگرێتە خۆی :-

١. وەزیر : وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری .

٢. بەڕێوەبەری گشتی : بەڕێوەبەری گشتی بەیتەرەو سامانی ئاژەڵ .

٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەیتەرەو سامانی ئاژەڵ .

**مادەی دووەم :**

ڕەچاوکردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە :-

١. داواکاری لە لایەن هاوولاتی پێشکەش دەکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەیتـەرەو سـامانی ئـاژەڵ لە پارێزگاکان بۆ دامەزراندنی پـرۆژەو لـە گـەڵ داواکاریەکـە وێنەیـەك لـە شـوێنەکە هـاوپێچ دەکرێت ، کە پرۆژەکەی لە سەر دروست دەکرێت بە مەرجێك پشتگیری کرابێت لە لایەن بـە ڕێوەبەرایەتی زەویو زارو دیاری کردنی جۆری پرۆژەکە بۆ بە خێوکردنی چێڵی شیردەر یان بۆ بە خێوکردنی مەڕ یان بزن یان قەڵەو کردنی گۆلك یان بەرخ .

٢. گرێ بەسـتی کرێـی زەوی ئەگـەر هـاتوو زەویەکـە بـە کـرێ بـوو یـان وێنەیـەك لـە تـاپۆی زەوییەکە ئەگر هاتوو زەویەکە (ملك) بـوو و ئـەبێ بـە نـاوی داواکارەکـەوە بێـت و هـەروەها ڕەزامەندی شەریکەکانی وەربگیرێت ئەگەر شەریکی هەبوو .

٣. لـە بەرئـەوەی هاوولاتیـانی هەنـدێ ناوچـە (صـورە قیـد) (تـاپۆ) یـان گرێبەنـدی کرێـی زەویـیـان نیـەو بـۆ ئـەوەی بتـوانرێ پـشت ببەسـتن بـە فەرمانگـەکانی کـارگێری و لـە گـەڵ فەرمانگـە کـشتوکاڵیەکان و ئـەم پـشتگیریە دەبێـت بـاوەڕی پـێ بکرێـت وەکـو (صورە قید) بۆ جـێ بەجـــێ کردنی پـــرۆژە لە سەر ئـــەو ئەرزە .

٤. بـــەڵێنی پەســـند کـــراو لــــە لایــــەن (کــــــاتب عـــدل) کـــەوا خـــــــاوەن پرۆژەکـــــە لــــە هـــیچ فەرمانگەیـــەکی حکومەتـــدا فەرمانبـــەر نیـیــــە و هـــەروەها تەمـــەنی ١٨ ســــاڵ کـــەمتر نیـــەو ئـــەبێ ئیلتزامـــی تـــەواوی بـــە هـــەموو ڕێنماییەکان هەبێت ، کەوا پەیوەندی بە پرۆژەکەوە هەیە .

**ماددەی سێ یەم :**

ڕەچاوکردنی ئەم مەرجە هونەریانەی خوارەوە :-

١. ڕووبەری کشتوکاڵی داواکراو بۆ چاندنی ئالیکی سەوز .

| | | |
|---|---|---|
| پرۆژەی بەخێوکردنی چێڵی شیردەر | یەك دۆنم | بۆ هەر ٥ سەر |
| پرۆژەی بەخێوکرننیمەڕ یان بزن | یەك دۆنم | بۆ هەر ٢٠ سەر |
| پرۆژەی قەڵەو کردنی گۆلك | یەك دۆنم | بۆ هەر ١٠ سەر |
| پرۆژەی قەڵەو کردنی بەرخ | یەك دۆنم | بۆ هەر ٤٠ سەر |

٢. دروســـت کردنـــی تەویلـــەی ســـاکار و لـــە کەرەســـتەی نـــاوەخۆیی و ڕەچـــاوکردنی چـــۆنیەتی دەرچوونی ئاو و پیسایی ئەبێ ڕووبەری بەم جۆرەی خوارەوە بێت .

| | | |
|---|---|---|
| پرۆژەی بەخێوکردنی چێڵی شیردەر | ڕووبەری داپۆشراو ٣م٢ چێڵێك | کراوە ٦ م٢ چێڵێك |
| پرۆژەی بەخێوکردنی مەڕ یان بزن | ڕووبەری داپۆشراو ١,٥ م٢بۆ یەك سەر | کراوە ٣م٢ |
| پرۆژەی قەڵەو کردنی گۆلك دابەستان | ڕووبەری داپۆشراو ٢م٢ یەك سەر | کراوە ٤م٢ |
| پرۆژەی قەڵەوکردنی بەرخ دابەستان | ڕووبەری ١,٥ م٢ یەك سەر | کراوە ١م٢ |

٣.کەمترین ڕووبەری کشتوکاڵی بۆ چاندنی بەرووبومی ئالیکی (٢ دۆنم بێت)و

ئەمـــەش کـــەمترین ڕووبـــەری کـــشتوکاڵی یـــە بـــۆ پـــرۆژەی کاوێـــژکارەکان بـــەم شـــێوەیەی خوارەوە دەبێت .

| | | |
|---|---|---|
| پرۆژەی بەخێوکردنی چێڵی شیردەر | ١٠ سەر | |
| پرۆژەی بەخێوکردنی مەڕ یان بزن | ٤٠ سەر | |
| پرۆژەی قەڵەو کردنی گۆلك دابەستان | ٢٠ سەر | |
| پرۆژەی قەڵەو کردنی بەرخ دابەستان | ٨٠ سەر | |

٤ وەرگرتنـــی ڕەزامەنـــدی ئـــەم فەرمانگانـــەی خـــوارەوە بـــۆ ئـــەوەی کارنەکاتـــە ســـەر پرۆژەکـــان و ڕێنماییـــەکان ، ژینگـــەی مرۆڤایـــەتی ، ڕێگـــاو بـــان ، شـــارەوانی ، شـــوێنەوار ، گەشـــت و گـــوزار ، ئاودێری و بەنداوەکان ، کارەبا ، گواستنەوە و گەیاندن ، نەوت و کانزاکان .

**وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری**